

# سیڕەی سیسرکە

**لە دەرەوە بەفر، دارستانەکە پڕ لە تەرمی باڵندە.**
**باڵندەکان لەو باڵندانە دەچن.. ناوێکیان نییە بۆ ناسینەوە. هەر چەندە ئاماژەیەک بە هۆکاری مردنی ئەو هەموو باڵندەیە نەکراوە، لێ.. گەر وەک من سەرنج بدەیت.. لە دەستە ڕاستەوە، دارێک جیاواز لە تەواوی دارەکان، یان.. ژنێکە، ڕووت و قوت بە ڕووکاری تەرمەکان ڕاوەستاوە، ئەو چڵ و لقەی شێوەی قژێکی ئاڵۆزکاوی وەرگرتووە، بەشێک لەو ڕووتبوونەوەیەی داپۆشیووە.**

دارستانەکە دادەگرم. ژوورەکەم پڕ دەبێت لە بۆنی باڵندە.. لە زیندووبوونەوە و هەڵفڕینی باڵندە.

یەکەمین شوێن تەماشای بکەم پەنجەرەکەیە. باڵندەکانیش بەرەو ئەوێ هرووژم دەبەن. بەلەز دەگەڕێنەوە. شوێنێك بۆ سرەوتن نادۆزنەوە. لە فڕینیاندا بەریەك دەکەون. چەند مەلێکیان سنگیان بەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە دەکەوێت، بە تاساوییەوە دەکەونە سەر کومبارەکە. دەنگێکیان لێدێت.. وەك ئەوەی کۆمەڵێك منداڵ پێکەوە بزریکێنن.

ئێستا باوکم لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێت. قاچەکانی سڕبوون؟. بە ئەسپایی بە ناو باڵندەکاندا هەنگاو هەڵدەنێت. ژوورەکە پڕ دەبێت لە دەنگی زریکە و باڵ لێکدان و ژاوەژاوێکی جاڕسکەر. دەچێتە کن پەنجەرەکە. بە پەنجەکانی بەشێك لە تەمی سەر شووشەکە لا دەبات، دەڕوانێتە دەرێ.. زستانێکی سارد لە دەرەوە. دێتەوە لای قەنەفەکە، لەسەر زەوییەکە دادەنیشێت. پشتی بە لێواری قەنەفەکە و قاچەکانی لە سەر کومبارەکە ڕادەکێشێت. ڕەنگە ئێستاش ئەو پشت ئێشەیەی مابێت. بێژەرێکی جوانکیلە سڵاومان لێدەکات. وەك هەمیشە وەڵامی نادەینەوە.

ـــ لە تەقینەوەکەی سەرلەبەیانی ئەمڕۆی شەقامی ڕەشیدی شاری بەغداد، (28) قوربانی لێکەوتەوە.

ڕووخساری بێژەرەکە ون دەبێت. دیمەنی پاشماوەی ئۆتۆمبێلێکی هەپروون بوو، شاشەکە داگیر دەکات. وەك زۆربەی ئەو دیمەنانە.. بە هەمیشەیی چەند کارمەندێکی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس و ئاسایش لە چواردەوری پاشماوەی ئۆتۆمبێلەکە گرد دەبنەوە.

ـــ کەی ئەم کوشتارە کۆتایی دێت؟.

باوکم وادەڵێت!.

وەڵامم نییە!. بڵێیت.. باوکم ئاگاداری تەقینەوە و خۆتەقاندنەوە و ئەم هەموو کوشت وبڕ و گۆڕانکارییانە بێت؟. گومانێکی دی دێتە سەر ئەو هەموو گومانەی ڕۆحی تێکشکاندوم. دەمەوێت گومانەکانم بڕەوێنێتەوە. چ جارێك ڕێکەوتیم کردبێت، هەردەم پرسیارەکانم بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆشتوون!.

باڵندەیەکیان هاتۆتە سەرشانی باوکم. باوکە بە ئەسپایی بەملاولای خۆیدا هەڵدەڕوانێت، وەك ئەوەی زەوادێك.. شتێك بدوزێتەوە، تا هۆگری بۆ باڵندەکە بسەلمێنێت. باڵندەکە دەفڕێت، چەند باڵندەیەکی دی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەفڕێنێ. باوکم دەستەکانی

بەشێوەی نومایشکارە سێرکییەکان، دەجوڵێنێ.. وەختە بڵێم، خەریکە وێرد بخوێنێ. تەماشای باڵندەکان دەکاتەوە. وەك ئەوەی باڵندەکان لە سنگی باوکمەوە هاتبێتنە دەرێ. وەك فێری زمانی باڵندەکان بووبێت. بە فیتۆکەیەك سەرلەبەریان مت دەبن. بە نەرمە پێکەنینێك.. فڕینێکی مەشق پێکراو ئەکەن. چوون قازوقورینگ بن و لە گەشتی کۆچکردن دا بن. بە ڕیتمێك باڵ لێك دەنێن. گاە.. وەك نەوڕەس بن و ژوورەکە پڕبێت لە ماسی ڕاوکراو. حەپۆلانە بە ژوورەکەدا دەگەڕێن.

باوکم ئەڵێت..

ــــ ئەم نائارامییە بۆ؟.

نەمزانی مەبەستی کوژراوەکانی ناو شاشەکەیە، یان ئەو باڵندە نەفرەتیانەی وەك لە زەوییەکەوە هەڵقوڵابن. دەبوو بڵێم.. من چی لە باڵندە بکەم؟. بیرتە من لە منداڵیشمدا هۆگریم بۆ باڵندە بووبێت؟. ویستم بڵێم:

وەختایەك بۆ تۆڵەسەندنەوەی مەرگی هاوسەنگەرێکت، قەسابخانەیەکت بنیات نا.. بۆ لە براکەی خۆتت نەپرسییەوە؟. تۆ دەزانی مانەندی بینینەوەی تەرمەکەت.. هەمان کارمەندەکەی مەیتخانە، کوپە شیرەکەی بە دەستەوە بوو، دەرگاکەی بۆ کردمەوە، قرقێنەکەی بۆ قوت نەدەدرایەوە، وەك ئەوەی تا ئەبەد شیر بخوات.. وەك ئەوەی لە منداڵییەوە دەستبەرداری شیرخواردنەوەکەی نەبووبێت.. خەمساردانە وتی:

ــــ دڵنیایت ئەم تەرمەیە؟!.

باوکم وەك ئەنتونی کیوینی ناو فیلمی زۆربا دەهاتە پێشچاوم. چێژی لە سەمایەك دەبینی، تا سسترین باڵندەشیان بخاتەوە فڕین. ئەو چەند دانەیەی لە سەرەتاوە وەك باڵندەیەکی کەسیرەبوو لە لای دەرگاکە هەڵکوڕمابوون، ئەو تاکە باڵندە سووورباوەی لە سەر پەیکەرەکەی (کافکا) هەڵنیشتبوو، تا ئەو باڵندە ڕەنگ مۆرەی دەنگی ناسازتر بوو لە هەرهەمووویان و لەسەر ئەو چەند کتێبەی لەسەر یەکدی کەڵەکەم کردوون، یەکبین بە ملاولای خۆیدا دەیڕوانی. کەوتنە نەرمە فڕین. باوکم پێدەکەنی.. کە چەند دانەیەکیان بە ناو قاچەکانیدا تێپەڕین و چەند دانەیەکیش تەمایان وابوو، هاوشێوەی ئەوان باڵ لێکبدەن، بەر ڕان و ئەژنۆی باوکم دەکەوتن.

ــــ لێرەش دەخوێنیتەوە؟.

ناهێڵێت وەڵامی بدەمەوە.

ــــ چاوەکانیشت کز بوون؟!.

ــــ باوکە.. ڕۆحم کزبووە، باوکە پێویستم بە تۆیە..

ــــ هەستناکەیت زوو بێت بۆ قژ سپی بوونت؟!.

ــــ باوکە.. تکایە..

کەناڵەکە دەگۆڕم. چەند کوژراوێك لە تەنیشت یەکدییەوە ڕیز کراون. چەکدارێك بە ناویاندا هەنگاو دەنێت. لەوانەیە ئەفغانستان بێت.. یا فەلەستین... یانـــ... .

ــــ شوێنێك نییە لە کوشتن خاڵی بێت!.



وەڵامم نییە.

ــــ دەبوو ژوورەکەت کاتژمێرێکی تێدابوایە..

سەرنجەکەی باوکم بە جێیە. بەڕاست کاتژمێری ناو مۆبایلەکەم بەس نییە؟. دەمزانی باوکم ئاشنایەتی بە مۆبایل نییە.. .

باڵندەیەك باڵندەیەکی جودا لە هاوپۆلەکانی بە گیر هینابوو، باڵندەکە ملی نەدەدا.

من شەرمم کرد. باوکم وتی:

ــــ چاتر نییە تەلەفزیۆنەکە بێدەنگ بێت؟.

خۆی هەڵدەستێت، تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە. وەختە پێی بڵێم.. باوکە.. لێرەوە بیکوژ... . خۆشحاڵم، ڕستەکەم تەواو نەکرد. دەنگی دەرگاکە، چەند باڵندەیەکی بەرەو لای پەنجەرەکە هەڵفڕاند. دەمویست بڵێم... باوکە، تۆ لە کوێوە هاتی؟. لە دەرگات نەدا!!. باوکە.. کەس لە دەرگای نەداوم. بیرم نایە کەسێك لە دەرگای دابم. باوکە بۆ زەنگەکە بەکار نابا؟.

باوكم هەستایە سەرپێ. چەند باڵندەیەك لە گەڵیا. دەرگاكەم كردەوە. خانمێكی باڵابەرز لە پشتی دەرگاكەوە. خانمێك وەك لە هاوینێكی پڕوكێنەرەوە هاتبێت. گوڵێكی ڕەنگ پەمەیی لە سەر سنگی نەخشابوو.

نەموت.. خانم ئەتوانم چ خزمەتێكت بكەم؟. پۆلێك.. نا.. دەیان و دەیان سیسركە و سیرە ناسازەكانیان لەگەڵیا هاتنە ژوورەوە. ڕەوەیەكی دی.. پۆلێكی دی. خانمەكە دەستی تەوقەی بۆ باوكم درێژ كرد. خودایە ئەمجارەش باوكم هیچ ناڵێت. بیرم كەوتەوە.. چوار ساڵ و سێ مانگە لێرەم، سیرەی سیسركەیەكم نەبیستووە!. تا لە سەر قەنەفەكە دانەنیشتن، دەستیان لە یەكدی بەرنەدا. باڵندەكان وەك ساڵانێك بێت برسی كرابن و چاوەڕوانی هاتنی سیسركەكان بن.  باڵندەكان دەندوكیان چەماندەوە. كەوتنە قوتدان و هەڵلوشینی سیسركەو سیرەكانیان. باوكم پێدەكەنی. خانمی سیسركەش نەرمتر پێدەكەنی. باڵندەكان دەیانڕوانییە خانمەكە.. دەمخواست پێمگوتبان.. ئەو سیسركە گەورەیە قوت بدەن. مەهێڵن سیرەی بێت. بیرم دەكردەوە.. ئەم جادووبازە چ ئاشنایەتییەكی لەگەڵ باوكەدا هەیە؟.

ــ كەمێك درەنگ كەوتم؟. نەدەبوو لەوێوە بهاتمایە. ناچاربووم. دەبێت ئەوەبزانیت.. هەرگیز چارەی ئەو بەدڕەوشتانەم نەویستووە!.

ڕوخساری باوكم پڕ بوو لە تووڕەبوون. خانمەكە ڕستەیەكی دیكەی وت. بە زمانێك دەدوا، هەرگیز نەمبیستبوو. ڕوخساری باوكە پڕ بوو لە گەشانەوە.

ــ ئەرك نابێت پەرداخێك ئاو بۆ ئەم خاتوونە بێنیت.

خانمەكە تەماشای نەكردم. چوون ئەوەی شاژنێك بێت و من نۆكەری. دەبوو بڵێم.. باوكە.. ئەم نەفرەتییە كێیە؟. باوكە.. تەماشای باڵندەكان بكە. هیچیان توانای باڵە فرێیەكیان نەماوە.

پەرداخە ئاوەكەی لێوەرنەگرتم. خودایە.. چ میوانێكی خوێن تاڵە. باوكم.. ئاوەكەی خواردەوە. دیسانەوە كەوتنەوە گفتوگۆ. بێتامترین ئاخاوتنی دونیا. هیچیان لێتێناگەم. باوكە تۆ بۆ بەو زمانە ئەدوێیت؟. باوكە بە بارستی تووڕەبوون و پێكەنینەكانی خانمەكە تووڕە دەبێت.. پێدەكەنێت. باسی چی دەكەن؟. لە ڕستە بێتامەكانیان بێزارم. لە باتی بەلەكۆنەكە دەچمە ژووری نووستنەكەم، بە جگەرەیەكی داگیرساوەوە دەگەڕێمەوە. بە ئەنقەست بەناو باڵندە هەڵنیشتووەكاندا دەسوڕێمەوە. دەبێت هەڵبفڕن. لە قژە بژەكەی بئاڵێن. دەندووك لەو زمانە ئاگراوییەی بدەن، تا لە گۆ بكەوێت. باڵندەكان سڕ. سەرجەمیان كەسیرە بوو. ئای حەزم دەكرد، بە شەق باڵی دانە دانەیان بشكێنم. بیانپلیشێنمەوە.

بیرم دەكەوێتەوە.. هەروا دەكەم..

وێنە كۆپیكراوەكەی باوكم دەگرم بە دەستمەوە. دەچمە بەردەمی باوكم، گفتوگۆكەیان پێدەبڕم:

ــ باوكە خۆت دەناسییەوە؟. باوكە ئەوە چ ساڵێكە؟.. بە بزەیەكەوە پێیدەڵێم.. تەمام وایە ئەم وێنەیەت هەڵبواسم, ئاخر باوكە.. باوكە دەمێكە بە شوێن وێنەیەكی ئەو سەروەختانەت دەگەڕێم!.

باوكم، وەك تەماشای وێنەی نەناسێك بكات.. نیگایەكی كورت و بەس. ڕونكردنەوەی چی؟!. دیسانەوە بە زمانە عەجیبەكەی خۆیانەوە لەگەڵ خانمەكەدا دەكەوێتەوە گفتوگۆ.

**نا.. دەبێت ئەوە بزانێت، بە ڕێكەوت ئەم وێنەیەم لەو پەیجەی بایەخ بە ئەرشیف و وێنە كۆنەكان دەدات بینیوە. هەر خۆت نەبوویت. دوو چەكدار لەملاو ئەولاتەوە ڕاوەستابوون. بە تەنیا تۆ ئەو دەمانچەیە بەبەر قەدتەوە بووە. چەندان كۆمێنتی پڕ لە پلار و جنێویان لە سەر وێنەكەت نووسیبوو. ناچار بووم.. بە چەند ناوێكی خوازراوەوە، باسی قارەمانێتی و بەدرۆخستنەوەی ئەو بوختانانە بكەم كە ناویان پێزڕاندبویت. باوكە.. ئەمجارەش خۆم ئاشكرا نەكرد.. كچۆڵەیەكی ناسك بۆی نووسیبوی:**

**«ڕاسپۆتینیشتان لێكردین بە فریشتە و خەباتگێڕ».**

**ئەفسەری لێكۆڵینەوەكە وتی:**

**ــ ئەم ئافرەتە دەناسیت؟.**

**وێنەی ئافرەتێكی كوژراو بوو. سەرسنگی پڕ لە خوێنێكی ڕەش، نەعلی لە پێدا نەبوو، تا نزیكی ئەژنۆی بەدەرەوە بوو. لە وێنەیەكی دیكەدا.. هەمان ئافرەت و ڕوخساری پڕ بە پانتایی وێنەكە. وێنەیەكی دیكەی دایە دەستم. ڕوخساری ئافرەتەكە لەسەر لابوو، وەک سەدان پیاوی تووڕە پێكەوە قژیان ڕاكێشابێت.**

**ــ نەخێر.. من ئافرەتێكی وام نەبینیووە.**

**هەر ئاوام وەڵام دایەوە. یان شتێک كە هەمان مانا ببەخشێت!.**

**ــ سەردانی ماڵی ئێوەی نەكردووە؟.**

**ــ نا.. هەرگیز. ئەم ئافرەتە چ پەیوەندییەكی بە كوژرانی باوكمەوە هەیە؟!.**

**بە تووڕەییەوە ئەوەم وت. هەر خۆم نەبووم. مامم. ئەو هێشتا ئوتومبیلێک لە كۆڵانەكەدا نەیپلیشاندبۆوە. پڕ بە ژوورەكە، پڕ بە حەوشەكە.. پڕ بە هەموو دیوارەكان.. هاواریكرد:**

**ــ بوختانێكی گەورە ئەكەن. ئێوە نامەردن، ئێوە هێندە ئێمەتان دەوێت تا كارتان پێمانە... .**

**وەک ئەوەی تەواوی پۆلیسەكانی شار گوێیان نابێت بە دەرگای ژوورەكەوە. سیان.. چوار.. دە.. زیاتریش مامەیان چەپ و ڕاست كرد.. لە بەردەمما دەمیان گرت. بردیانە دەرێ. ئەفسەرەكە ئاماژەی پێدام.. دابنیشم. وەک پێمبڵێت.. كاری لەوە گەورەترمان هەیە. ئەفسەرەكە كۆمەڵێک ڕستەی وت.**

چوون ئەوەی بە زمانێکی دیکە لە گەڵما بدوێت.. لە هیچیان تێنەگەیشتم. وێنەی خانمەکە لەسەر مێزەکە بوو. لە شوێنی دانیشتنەکەمەوە، بە باڵندەیەک دەچوو ئێستا کوژرا بێت.

ویستم بڵێم مامتان بۆ کوێ برد؟. دەمخواست بڵێم.. مامم بۆوا تورەبوو؟.

ئاخر جەنابی ئەفسەر.. مامم کەسێکە لە کەسە بێدەنگ و هێمنەکانی دنیا.

ئەو بەتەمەنی ئازاری باڵندەیەکی نەداوە...

پرسیارێکم نەکرد. ئەفسەرەکە، وێنەکانی کۆکردەوە. چەند وێنەیەکی قەبارە گەورەتری نیشان دام. باوکم بوو. باوکم.. چاوەکانی نیشتوون، دەمی کراوە. وەک ئەوەی ویستبێتی شتێک بڵێت.. ویستم بە بارتەقای هاوارەکانی مامم هاوار بکەم. ئەفسەرەکە، وێنەیەکی دیکەی خستە بەردەستم. لاشەی باوکم لە تەنیشت تەرمی خانمەکەوە بوو. هێندە نزیک تا ئەوەی دەستی باوکم کەوتبووە سەر سنگە خوێناوییەکەی ئافرەتەکە.

وتم: مامە ئازاریان دایت؟.

وتی: حەدیان نییە.

شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی ژاناوی بە روخساری مامەوە بوو، کە دەیویست پاڵ بداتەوە , پێدەچوو چەند چەقۆیەکی نادیار بە قەپرغەیدا بچن. وتم:

ـــ ئەو ئافرەتە کێ بوو؟.

وتی: هێشتا لە ئۆینەکانیان تێناگەیت؟!.

وتم: باوکم لەوە ئەچێت هەوڵی دابێت نەهێڵێت ئەو ئافرەتە بکوژن. خەتای تۆ بوو.. ئەوەندە ئارامت نەگرت تا وێنەکان ببینیت!.

مامم هەستایە سەرپێ. وەک من ئەفسەرەکە بم و هەوڵبدات، تەواوی گەرەک برژێتە ژوورەکەوە. بە نەرەیەکی سامناکەوە پیاما هەڵشاخا:

ـــ دەبەنگ , حەیف نییە.. تۆ کوڕی ئەو پیاوە بیت.. خوێرییییییی. دایکە، ئاوا کاس و بێ حەواس نەبوایە.. مەعلوم بە گژیا دەچووەوە. نە پۆلیسم هەبوو لە عۆیەی بێن، نە جەسارەتم دەکرد پیایدا هەڵشاخێم. پێمشەرم نەبوو , دەستمکرد بە گریان. ئای باوکە.. باوەشی کرد بە ملما:

ـــ برازای نازدار.. تۆ باوەڕ بەوەبێنیت، کەواتە پلانەکەیان سەری گرت.

وێنەکەی باوکم هەڵدەواسم. چەند هەنگاوێک دەچمە دواوە و لە ئەندازەبوونی هەڵواسینەکە ئارخەیان دەبم. دەمەوێت ئێستا باوکم سەیری وێنەکەی خۆی بکات.

ئەڵێم: باوکە!.

باوکم وەڵام ناداتەوە. ون، وەک ئەو خانمەی ناو خەونەکان. ژوورەکەم پڕە لە بێدەنگی. تەواوی باڵندەکان بوونەتەوە بە تەرم و کەوتونەتە ناو تابلۆی دارستانەکە.



فەرهاد مستەفا

ـ ساڵی 1968 لە سلێمانی لە دایکبووە.

ـ ساڵی 1995 یەکەم بابەتی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە.

ـ ساڵی (2000) یەکەمین کورتە چیرۆکی لە گۆڤاری (ئاینده) بڵاوکردۆتەوە.

ـ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە (لقی سلێمانی).

چاپکراوەکانی:

- سەمای پەڵاشەکان (کورتە چیرۆك) 2002
- چیرۆکی کەسێك (کورتە چیرۆك) 2005
- تارماییەك لەبەر باران دا (کورتە چیرۆك) 2010
- پەراوێز (چیرۆکی کورت) 2010
- پیاوە ڕەقەڵەکەی ژوورەکەمان (چیرۆکی کورت) 2012
- هەتا چاو بڕ بکات تاریکی (چیرۆکی کورت) 2015